**بۆکان لە دەستنووسە کوردییەکانی بەرلین دا**

شاری بەرلین لە ئاڵمانیا شوێنی پارێزرانی زیاترین دەستنووسی کوردییە لە دەرەوەی کوردستان و ژمارەیان دەگاتە 104. زوربەی ئەو دەستنووسانە هی ئوسکارمان بوون کە لە سەفەری خۆیدا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کڕیونی یا خود بە دیاری وەریگرتوون و هێناونیەتەوە بۆ ئاڵمانیا.

دوکتۆر کەماڵ فوئاد لە ساڵی1970دا کەتەلۆگێکی لە دەستنووسەکان بە زمانی ئاڵمانی پێک هێنا و چاپی کرد. ئەم کەتەلۆگە زانیارییەکی باشی سەبارەت بە ناوەرۆک و هەروەها بارودۆخی فیزیکیی دەستنووسەکان گرتۆتە خۆی، بەڵام کورد - کە خاوەنی سەرەکی دەستنووسەکانە لە هەل ومەرجیان ئاگادار نییە و نازانێ ئەو دەستنووسانە چین و چۆنن و ناوەرۆکیان چییە؟

ڕێزدار ڕەحیم بەهرام زادە، کوردی دانیشتووی ئالمانیا، لە ماوەی ساڵی 2008 و 2009 دا سەرجەمی ئەو کەتەلۆگەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەگەڵ بنکەی ژین لە سلێمانی پەیوەندی بەستووە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی. کاک ڕەحیم ئاڵمانییەکی باش دەزانێت و کاری وەرگێڕانی جێگەی متمانەیە.

من بەختی ئەوەم هەبووە کە وەرگێڕاوی کوردیی کتێبەکە پێش چاپ بوونی ببینم و بۆ هەندێک لێکۆڵینەوەی خۆم سوودی لێ وەربگرم. دیارە بەشێک لەو زانیارییانەی وا نووسەر ئاراستەی کردوون، کۆن و هی ساڵانێکن کە چاپەمەنی کوردی ئەو گەشەیەی نەبوو کە ئێستا هەیەتی؛ بۆ نموونە لە باسی زۆرێک لە شاعیراندا دەنووسێت هێشتا دیوانەکەیان چاپ نەبووە و ئەوە لەگەڵ زانیاریی ئەمڕۆی ئێمەدا یەک ناگرێتەوە و پێویستە نووسەر و وەرگێر بە یارمەتی یەکتر هەوڵی دابین کردنی پەراوێزی تایبەت بە تەرجەمەکە بدەن و تێیاندا ئەو تەنگژەیە لە ناو بەرن، یاخود چاپێکی نوێ لە کتێبە ئاڵمانییەکە بکەوێتە بازاڕەوە و وەرگێر بەگوێرەی ئەو، چاو بە تەرجەمەکەدا بخشێنێتەوە.

بەشی بۆکان لە دەستنووسەکاندا زۆر نییە بەڵام لە چەند شوێنێکدا باس لە چەند شاعیرێک کراوە کە بۆکان و ناوچەکەی دەگرنەوە:

<u>**یەکەم، ئەحمەدی کۆر**</u>

دەستنووسی ژمارە 51 و 66

نووسەر لە ژێر ناوی 'شاعیرانی ڕۆژئاوا' دا لە چوار شاعیر دەدوێت کە ژمارە چواریان 'ئەحمەدی کۆر'ە (بەشی یەکەمی کتێب لاپەڕە XXXIII.)

هەروەها لە بەشی دەستنووسی ژمارە 51، لاپەرەی 72 دا ئەم زانیارییانە سەبارەت بە ئەحمەدی کۆر ڕاگەیێنراوە:

*'III. پەڕی 7b-8a: دوازدە چوارینەی ئەحمەدی کور ( بڕوانە ژمارەی 5-66)، ناوەرۆکی لیریکی موکری.*

*سەردێڕ:*

*زبانی کرماجی*

*سەرەتا:*

*دل سوتی شبهە مومە                    شب و روژم حضرەتی*

*عاشق جمال تومە                    کشتمی خالی رومەتی*

*کۆتایی:*

*احمد کور وس خیال کە                    یک بخوازە یک طلاق دە*

*دوست ای دنیا بطال کە                    پی کوناوی دو دولتی*

***IV**. پەڕی 8a-9a: 12 چوارینەی هەمان شاعیری پێشوو. ناوەرۆکی لیریکی.*

*سەرەتا:*

*دل غرق موج زوخاوم                    لت لتە جرک و هناوم*

*تاب عشق تو سوتاوم                    کفتمە حالی ایلتیراب (اظطراب)*

*کۆتایی:*

*بزلف و روی تابان هات کە کفرو دین یغما کرد*

*و نوشە و کل باغان بو لباغان شو چراخان بو*

*مکر داروی نساغان بو برودا زلف تاتا کرد*

هەروەها لە باسی سەبارەت بەم دەستنووسەدا:

66. Ms. or. oct. 1212. SB Marburg/Berlin

دەڵێت لە دوو بەشی کوردی و فارسی پێک هاتووە، ئینجا لە خاڵی پێنجەمدا (لاپەڕە 105) بەم شێوەیە لە ئەحمەدی کۆر دەدوێت:

*"ئەحمەدی کۆر، شاعیری موکری. بە پێی ئاگادارییەک ئەمین ئەفەندی بەدەستییەوە دەدا، دەبێ نزیکەی ساڵی 1856 مردبێ."*

لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەشدا ئەم قسانە لە قەولی ئەمین ئەفەندییەوە دەگێڕێتەوە:

*"بەشی II، پەڕی 40b*: *(تخمینا پنجاه سال میشود که در قریهٔ مذکور "حەمامیان" وفات کرده است)* [گۆڕی ئەحمەدی کۆر لە ئاوایی داشبەندە. ئەو دوو گوندە دراوسێی یەکن و کەوتوونەتە باکووری ڕۆژئاوای بۆکان]. ***(66)، لاپەڕە 105 و (79)، لاپەڕە 350."***

**<u>دووهەم، میسباحوددیوانی ئەدەب</u>**

لە بەشی یەکەمی کتێبەکە (دەقی ئاڵمانی لاپەڕەی XXXVII )دا باسی چەند شاعیر کراوە کە ژمارەی 14 یان 'ئەدەب' ە و بەم شێوەیە ناسێنراوە:

*"شاعیری موکری، ساڵی 1859 لە دایک بووە و ساڵی 1916 لە ئەرمەنیبڵاغی (گوندێک لە 95 کیلۆمێتری باشوری ڕۆژهەڵاتی گۆلی ورمێ)، مردووە".*

لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەشدا سەبارەت بە دیوانی شیعرەکانی ئەدەب دەنووسێت:

*"یەکەم جار لە لایەن حوسەین حوزنی موکریانییەوە (ڕەواندز 1936)، جاری دووهەم، بەشیر موشیر (بەغدا1939) و سێهەم جار لە لایەن گیوی موکریانییەوە (هەولێر1969) [چاپ کراوە]". بۆ ئاگاداری زۆرتر لەسەر شاعیر بڕوانە ل (3) 91-94 و (669، ل 417-400.*

لە ناساندنی دەستنووسی ژمارە 66دا (لاپەڕەێ 107 دەقی ئاڵمانی)، هەواڵی شیعرێکی دیکەی ئەحمەدی کۆرمان پێ دەگات:

*"پەڕی 15a-16aشێعری لیریکی ئەحمەدی کۆر.*
*سەردێڕ: احمد کور گفته است.*
*دلبرا دائم دەنالم دم بدم شامو سحر*
*جاری نا پرسی لە حالم چاو عقاب خوش خبر*
*18 فەرد.*
*لەگەڵ (35) دوایین ڕستەی III لاپەڕە 261-254 دا بەراوردی بکە. هەروەها بڕوانە ژمارە 51/III و IV."*

**<u>سێهەم، مامۆستا هەژاری موکریانی</u>**

د. کەمال فوئاد لە پەراوێزێک بۆ دەستنووسی ژمارە 4لاپەڕەی 8 بەشی دووهەم (دەقی ئاڵمانی) دا، سەبارەت بە نوسخەیەکی مەم و زینی ئەحمەدی خانی (نوسخەی ژمارە 5) دەنووسێت:

*" عەبدولڕەحمانی هەژار کردوویە بە موکری* ***(شێعر)***، *بەغدا* ***1960."***

دەقی ئاڵمانی:

Kurdische Handschriften
Verzeichnis der Orientalischen Handschriften in Deutschland
Kemal Fuad
Franz Steiner Verlag GMBH. Wiesbaden 1970/ ISBN: 978-3-515-01171-6

وەرگێڕاوی کوردی:

دەستنووسی کوردی
لیستەی دەستنووسە رۆژهەڵاتییەکان لە ئاڵمان
کەماڵ فوئاد
دەزگای چاپەمەنی فرانتس شتاینەڕ ویسبادن 1970
ISBN: 978-3-515-01171-6

وەرگێڕانی ڕەحیم بەهرام زادە